# وون بونی بژاری شاعیر

## عادل ئیبراهیم

کاك بژار به حەدێك گیری کردووە لە ناو گرفتەکانی "ناوەوە"ی بزووتنەوەی کۆمۆنستیداو وون بووە، خۆشی نازانی ئەلقەی نوسینەکانی لە کویدا کۆتایی پێ بهێنێ، چۆن لەم سیناریۆ تاریکەی زهنی بێتە دەرەوە، بۆیە بۆ باس کردن لەسەر رابتەی رابەرو کریکارو ئەندام، ئازادی ئەندامان، رابەری جەماعی ئامادەیە هێندەی باسی مارکس لەسەر "کالا" بنوسێ‌و بێ ئەوەی مەبەستی بیت بگاتە ئەنجامیك، هەر وەك نوسینی "تیبینیەکانی لە مەر حیزبی تازە"، کە لە نیوەی ریگا ئەلقەکانی بە جێ هیشت‌و ئاویشی نەهینا دەستی بشوا.

بەش بەحالی خۆم ئەندامی هیچ یەکێ لەو ریکخراو حیزبانە نیم کە ئەمرۆ بە ناوی کۆمۆنستی کریکاریەوە هەلسورانی سیاسی دەکەن، لە هەمان کاتدا گەر ببمە ئەندامی هەر لایەکیشیان، بەهیچ جۆرێ ئەو هەست‌و بیرکردنەوەو نارەحەتیەی بژارم نییە کە وابیر کەمەوە ئازاد نەبم، لەو بارەوە هەتا وا بیر دەکەمەوە کە هەر هەموویان لیبرالن تا ئەوەی کۆنترۆل بکەن، واتە تەواو پیچەوانەی درك‌و مەشغەلەی بژار، ئەوەندە لە نیویاندا هەست بە ئازادی دەکەم لە خۆم بیزار دەبم.

پیم وایە خودی بژار هەر ئەو کاتەی ئەندامی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقیش بوو، ئەیتوانی ئەم نوسینانەی ئیستا بنوسێ‌و بیکاردایە بە ریزیك کتیب، لە گەل ئیستادا فەرقی نەدەبوو، وە ئەندامەتیشی لە حیزبەدا وەك خۆی دەماوەیەوە، چونکە پیم وانیە لە نیو ئەو ریکخراو حیزبانەدا کۆنترۆل، سەپاندن، سەرکوت.. هیندەی لیبرالی بون کارکردی بوبێت، ئەو کارکردی لیبرالی بونەش، هۆکەی دەکریتەوە بۆ پەرتی سیاسی بونیان، پەیگیر نەبون لەسەر رابەری کردنی شەرەکانی کریکاران لەنێو کۆمەلگەی سەرمایەداریدا.

ئەم باسانەی بژارو دیرژەدان پیێ، تەواو خۆ هەلەکردن‌و ئامادەنەبونە بۆ مەیدانی شەرەکانی کریکاران، باس کردن لەم جۆرە گرفتانە لە باری شەخسیەوە بێ دەردی سەرو بێ بەلایە، ئەتوانرێ تەواوی ژیان لە ژووریکدا بە دیار کۆمپیەتەرەوە بۆی بەسەر بەریت.

بژار نایەویت خلاف سیاسی‌و بەرخورد بەو خلافە سیاسیانە لە نیو خودی بزووتنەوەی کۆمۆنستی کریکاریدا بناسێتەوە، ئەوە مەشغەلەو کیشەی زهنی ئەو نییە، چونکە ئەو خلافانە شەرێکی گەورەی کۆمەلایەتیە، نەفسی دریژی هەلسورانی سیاسی دەخوازێ، نەك نەفسی دریژەدانی نوسین لەسەر گرفتەکانی "ناوەوە".

بژار ئەهلی خەبات‌و شەری واقعی نییە، ئەهلی دنیای خەیال‌و شعرو رامانە بە دیار کۆمپیتەرو سایتەکانەوە.

خلاف سیاسی‌و بریاری سیاسی، دیارە کە لەسەر چارەنوسی خەباتی کریکاری‌و ئامانجی کریکارانە، ئەو چارەنوسە لە چ شوین‌و کاتیکی میژووی خەباتی بزووتنەوەی کۆمۆنستیدا دراوەتە دەست ئەندامان، ئەرێ لینین "مەسەلەکانی لەسەر نیسان" دایە دەست رابەری جەماعی‌و ئەندامان؟، بریار لەسەر روخانی دەسەلاتی کیرنسکی دایە دەست رابەری جەماعی‌و ئەندامان؟، یا لینین رابەرو پیشرەو بریار دەری یەك بەیەکی ئەو حەرەکەتانە بوو.

ئازیزم حیزب وەسف کردن‌و دارشتنی شیوازی ریکخستنەکەی بە موتلەق ئەوە نییە گە لە زهن‌و خەیالی تۆدا داریژراوە، حیزبی زیندوو وە رابەرەکەی لە مەیدانی شەری کۆمەلایەتی‌و سەرکەوتنەکانیدا دەناسریتەوە، رابەرەکانن لە شوین‌و کاتی دیاری کراودا بریار ئەدەن حەرەکەتیکی سیاسی عەمەلی بەرنە پیشەوە، نەك ئازادی ئەندامان‌و دەخالەتی ئەندامان، ئەمە گەورەترین گرفتی حیزب‌و ریکخراوە کۆمۆنستیەکانی ئەمرۆیە، مارکس لە خۆوە نەیوتووە "یەك حەرەکەی عەمەلی چەند قات لە پیشترە لە دەرزەنێ بەرنامە".

باشە لە بیرت چۆتەوە یا ئاگادار نیت کە هەموو ئەوانەی لە مەنسوور حکمەت جیادەبونەوە هەر هەمان رەخنەیان لێگرتووە، کە کۆنترۆل و سەپاندن‌و سەرکوتی کردووە، ئازادی ئەندامانی نەداوە، رابەری فەردی خۆی فەرزکردووە.

بۆیە ئەو پرسیارەت بۆ دووبارە دەکەمەوە کە ئایا ئەم گرفتانەی تۆ لەسەر دەمی مەنسور حکمەت بوون یا دوای ئەو بەرەو رووت بۆتەوە؟، ئەمە پرسیاریکی زۆر جدیە کە دەبیت وەلامی بدەیتەوە، هەر چەندیك بنوسیت، ئەوە پرسیاریکی واقعیە هەموو کۆمۆنستیك بەرەو رووت دەکاتەوە، چونکە خەریکە وەك پالەوانی ئازادی بۆ ئەندامان لە حیزبی کۆمۆنستیدا دیتە مەیدانەوە،

جا سەیرەکە لەوەدایە لەبەر ئەوەی ئەندامان لە ناو ئەو حیزبانەدا ئازادیان ئەوەندە زیادەو لێیان دەرژێت، ئەو جۆرە نوسینانەی تۆ دەبیت ئەو فتبۆلە تەقیوەی منالان لە بێ فتبۆلیدا یاری پێ دەکەن.